پەدری و ئاراوخە لەگەڵ بەرشەلۆنە گەیشتونەتە رێککەوتن و گرێبەستکانیان تا 2030 نوێدەکەنەوە



پەدری و ئاراوخە لەگەڵ بەرشەلۆنە گەیشتونەتە رێککەوتن و گرێبەستکانیان تا 2030 نوێدەکەنەوە.

ڕۆژنامەی موندۆ دیپۆرتیڤی ئیسپانی باویکردووە، یانی بەرشەلۆنە گەیشتە رێککەوتنی کۆتایی لەگەڵ دوو ئەستێرەی یانکی مەبەستی نوێکردنەوەی گرێبەستکانیان.

موندۆ ئاشکرایکردووە، هەریەکە لە ڕۆناڵد ئاراوخەی بەرگریکار و پەدری ئەستێرەی ناوەڕاست ئیمزایان لەسەر گرێبەستە نوێیەکانیان کردووە لەگەڵ یانی بەرشەلۆنە و لە یانێیە دەمێننەوە.

ئاماژەی بۆشداوە، گرێبەستە نوێیەکانی ئەو دوو یاریزانە تا ساڵی 2030 دەبەت و مەرجی هەڵوەشاندنەوەشیان زیاد دەکریت تا دووریانبخەنەوە لە هەوەی یانکانی تر.

دوپاتیکردووەتەوە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بە فەرمی نوێکردنەوەی گرێبەستی ئەو دوو یاریزانە ڕادگەیەنرێت و چاوەڕوان دەکرێت لە چەند هەفتەی داهاتووشدا گرێبەستی گاڤی نوێبکرێتەوە.